# من، کات/ تۆ، کات/ دەریا، کات
# خوازبێنی کچێکی ڕووناک

**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**



***تاریکی/ ژوورەوە/ کچ/ ڕووناکی***

کچێک خەریکە دەریا گوڵدۆزی دەکا
لەسەر تەنیایی دارێکی غەریب.

**ژنێک**
فاڵ دەگرێتەوە بە چارەنووسی چۆمێک
کە بە جوغرافیای خەمیدا ڕابوردووە.

**پیاوێک**
ترپەی دڵی نیشتمان دەبژێرێ و
چاوی پڕە لە بێدەنگی ئاسمان.

***ڕووناکی/ دەرەوە/ کوڕێک کە ڕووداوێکە لە زەیتوون/ چەند هەنگاوی ئاوارە/ بوون بە نیشانەی پرسیارێک لەبەر بەردەرگا***

**دیالۆگ:**
ببوورن ئێرە سەرەتای نیشتمانە؟
بە پلاکی کچەکەتانەوە
کە ناوی خۆمە.

***دیالۆگ:***
**پیاوێک/ ژنێک**
نا، ئێرە هەرێمی کچێکی تەنیایە
گوڵدۆزی بەختی خۆی دەکا!

***دیالۆگ:***
من بەختی کچێک دەزانم
کە نەخشی سادەی ماسی لە دەریا دزی
بەختی منیشی دایە دەستی با
شای مارانی لەسەر دڵم تاتۆ کرد و
بانگی کردمە زرێباری نیگایەوە!

***دیالۆگ:***
پەنا بۆ حەزرەتی شەقام!
لەدەست کەسێکی نامۆ
کە ئایەتی غەریب دەخوێنێ
پەنا بۆ بارەگای چیا
لەو شانەی بۆنی هەڵفڕین دەدەن!
***ژوورەوە/ ڕووناکی/ کەشەفێک بزە/ سفرەیەک ترس***

***دیالۆگ:***
چت دەوێ کوڕی ونبووی سبەینێ
ئەو کیژەی تۆ دەبێژی ڕووی نەداوە لێرەدا.

***دیالۆگ:***
کچێک لە مندا ڕووی داوە
کە نازانن
کچێک منی لە خەمۆکی خواستووەتەوە
کە لەپاڵ شەوەوە فانووس ڕادەگرێ.

***ژوورەوە/ بێدەنگییەکی تاریک/ ژنێک پڕ بێ لە گومان/ پیاوێک بووبێتە نیشانەی سەرسوڕمان/ کچێک وەڵامی دووروودرێژی باران/ کوڕێک شەپکەی لەسەر کاتژمێر دانابێ***

***دیالۆگ:***
بە ناوی خۆمەوە کە بەشێکم لە کەلامی تاووس
ڕووبار دەخوازم لە ئێوە!
شەپکە لەسەر کات لادەبەم.
کات ڕێک لە ئەوین لای داوە.

بێکاری خۆم لە نیگای کچێکدا بزر دەکەم
کاری گوڵدۆزی جیهانە!
جگەرە بە خەمییەوە دادەگیرسێنم.

***دیالۆگ:***
کوڕێک کڵاو لەسەر کاتژمێر لابەرێ
سەعات چەند دەگاتە سبەی؟

***دیالۆگ:***
لەسبەینێڕا هاتووە بە تەنیا.

***دیالۆگ:***
کوڕێک بێکار
بە ئاوێنەدا ئاوارە
کەی بسکی زەمان دادێنێ؟

***دیالۆگ:***
هەموو شانەکان دەزانێ و
تەمبوور بە بسکی دەریا لێ دەدا.

***دیالۆگ:***
کوڕێک جگەرەی لە گلێنەی خەمۆکیدا داگیرساندبێ
ناوی دارە مێو دەزانێ؟

***دیالۆگ:***
شەڕاب لە هێشووی وشە ساز دەکا!

***ژوورەوە/ ڕووناکی/ حەشیمەتی چاوەکان/***

***دیالۆگ:***
مارەیی ئەو کچە با پەڕی تاووس بێ
لەگەڵ ڕستەیەک لە کەلامی شەقام!

***دیالۆگ:***
پەنا بۆ خودا لە دەست کەلامێک
هەزار وشە لە پیتێکی دابێ!

***دیالۆگ:***
گیازی با بیرەوەری باران و
وێنەی دارهەنارێکی چیا بێ!

***دیالۆگ:***
ئێوە ڕازین ڕووبارێک هەڵفڕێ بەرەو سبەینێ؟

***دیالۆگ:***
دەریا خەریکە لەسەر تەنیایی لەنگەر دەگرێ!

***دەرەوە/ ڕووناکی/ گەمییەک پڕ پڕپێ لە هەنار/ شەپۆلێک/ کاتژمێرێک کڵاوی لەسەردا/ کات***